ئیمامی باقلانی و پاشای نەصرانیەکان

نـــووسەر :
ماموٚستا ئوسامە تەوحیدی
ئامادەکردنی : سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

بسم الله الرحمن الرحيم

ئیمام ی باقلانی
و پاشای نەصرانیەکان

نووسراوی
ماموٚستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی
سەرخەریٚك لە ئیعلام

أسامة
شارەزووری
١٤٤٨ هیجری

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

ئیمام ـی باقـلان ـی وەدەمـكوت كردن ـی پاشای نەصراڕنـی و نەصـراڕنیـەكان

ئیمام ـی ابن عساكر لە تبين كذب المفترى پەڕەی ٢٨٠ باسی كـردووە هەروەهـا ئیمام ـی الذهبى رحمه الله تعالـى لە سير أعلام النبلا لەباسـی ئیمام ـی باقـلان ـی وقاضى عیاض لـە ترتيب المدارك ٢/ ٢٠٩ باسی گفتوگۆكەی ئیمام ـی باقلان ـی وپاشـای ڕۆم ـی نەصراڕنیەكەیـان كردووە.

كـاتێک پاشـای ڕۆم بیست ـی باقـلانی هاتوە بۆگفتوگۆكردن لـەگەڵ ـی وسەرختنی ئیـسلام پیلانێكی دانـا تالەشـكۆی موسـڵمـانان بات فەرمانی بەپاسەوانەكانـی كرد دەرگای هاتنە ژوورەوەكـە كورت بكەنەوە تاكاتێـک باقلانی ئەیەوێ بێتە ژورەوە سەری نەوی بكات وخۆی بچەمێنێتەوە وەک جۆرێـک لەڕكوع بردن بەرامبەر پاشـا دەربكەوێت بەڵام باقـلانی كەگەشت زۆر بەوریاییەوە ئاگاداری ئەم فێڵەبـوو بۆیە بڕیاری یا پشتاو پـشت بچێـتە

ژورەوە نەک ڕووی سەرنەویکردنەکەی لەپاشا بێت بەڵکو بەپشتا لەدەرگاکەوە هاتە ژورەوە بۆلای پاشا هەربۆیە پاشا هەستی بەزیرەکی ولێهاتووی باقلان ـی کرد هاتە ژورەوە بەڵام سەلام ـی لێنەکردن لەبەر فەرموودەی نەهیکردن لە دەست پێشخەری لەسەلامکردن لەئەهلی کتاب کەهاتە ژورەوە ئاوڕی یایەوە بەلای ڕاهیبە گەورەکەی گاورەکان وپیی وت حالّت چۆنە ؟ خێزان ومنداڵەکانت چۆنن ؟ پاشا بەوقسەیە زۆر تورەبوو وتی ئایا تۆنازانیت ڕاهیبەکانی ئێمە زواج ناکەن ومنداڵیان نابێت ؟ ئیمام ـی باقلانی فەرمووی الله اکبر ڕاهیبەکانتان پاک ڕائەگرن لەزواج ولەمنداڵبوون کەچی الله تعالی تۆمەتبارەکەن بەزواجکردن لەگەڵ مەریم و منداڵبون ـی بەعیسا ! پاشای ڕۆم خراپتر تورە بوو زۆر بەبێ ڕێزانەوە وتی ئەی چی ئەڵێیت لەبارەی ئەوەی عائیشە کردی ؟ ئیمام ـی باقلانی فەرمووی : ئەگەر عائیشە لەلایەن منافقەکانەوە تۆمەتبارکرا بەزینا ئەوا مەریەمیش تۆمەتبارکرا بەزینا لەلایەن جولەکەکانەوە هەردووکیشیان پاک وبێ تاوان بوون لەوتۆمەتە بەڵام عائیشە هاوسەریشی هەبوو منداڵی نەبوو بەڵام مەریەم بەبێ ئەوەی هاوسەری هەبێت منداڵی بوو ! بەڵام هەردووکیان الله تعالی پاکی ئەوان ـی دەرخست.

پاشا بەقسەکان ـی باقـلان ـی شێت بوو وتی ئایـا پێغەمبەرەکەتان (صلی الله علیە وسلم) جەنگی ئەکرد ؟ باقلان ـی فەرمووی بـەڵێ پاشـا وتی ئایـا لەپێشەوە ئەجەنگا ؟ باقلانی فەرمووی بـەڵێ پاشـا وتی ئایا سەرکەوتوو ئەبـوو ؟ باقلانی فـەرمووی بەڵێ پاشـا وتی ئایا توشـی زیان ئەبوو لەجەنگ؟ باقـلان ـی فەرمووی بـەڵێ پاشـا وتی چەند سەیرە پێغەمبەر بێت وتوشی زیان ببێتەوە ! بـاقلانی فەرمووی ئایـا سەیرنیـە کەسێک خوا بێت ولەخاچ بدرێت ؟؟

پــاشان پاشـا ووتی لەبارەی لەتبونی مانگەوە ئایـا بۆچی هەموو خەڵک ئەو موعجیزەیان نەبینی کەپێغەمبەرەکەتان مانگـی کردوە بەدووکەرتەوە ؟ قەشـەکان وتیـان ئەوانەی ئەم باسەیان گێڕاوەتەوە نەگەشتونەتە ئاستی پلەی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بیگێرنەوە.

باقـلانی هەربەعەقیدەکەی خۆیان وەڵام ـی یانەوە فەرمووی ئەوخواردنەی کەدابەزی بۆعیسا وهاوەڵەکان ـی تەنها ئێوە بینیوتانە نەجولـەکەکان نەمەجوس نەمولحیـدەکان ونەیۆنانیــــەکانی دراوسێتان ئــــەو ڕووداوەیـان

نەبینی هەربۆیە هەموویـان نکۆڵی لەو خوانە ئەکەن کەلەئاسمانەوە دابەزی بـۆیە ئەگەر دابەزینی ئەو خواردنە لەئاسمـانەوە ڕاست بێت ئەوا ئەبـوو خەڵکێکی زۆر بیانگێڕایـەتەوە ئەوەی جولەکە وبت پەرست وگاور ومەجوس بوایـە هەموویان ڕاست ـی ئەو ڕووداوەیـان زانی بایـە وهەواڵەکەیان بگێڕایـەتەوە بەڵام کەئەوان ئەو هەواڵـە نازانن ونەیانبینوە ونەیانگێڕاوەتەوە مانای ئەوەیـە ئەو هەواڵە درۆیە وڕاست نیە؟؟ئیمام فەرمووی ئایا کـاتێک مانگگیران ڕوو ئەیـات ئایا هەموو خەڵکی سەرزەوی ئەیبینن ؟ یان تەنها خەڵکی ئەو ناوچەیـە ئەیبینن کەبەرامبەریـان مانگیرانەکە ڕووی یاوە؟ پاشـا وتی تەنها ئەوخەڵکە ئەیبینن منیش وتم کـەواتا بۆچی نکۆڵـی لەکەرتبونی مانگ ئەکەیت کاتێـک لەلایەکدابووە کەتەنها خەڵکی ئەو جێگەیە بیبینن وئەوانەشی کەخۆیان ئامادەکردبـوو بۆبینینی بەڵام ئەوەی سەیری مانگی نەکردووە یان لەوشوێنانە بووە کەمانگی تێدا نەبینراوە بێگومان نایبینێت پاشـا وتی ئەوەی ئەیلێیت بەوشێوەیەیە ڕاسـتە.

هەربۆیە گاورەکان دەمـکوت کـران و دانیشتنکە کۆتای پێ هات.

ڕەحمەت ی الله تعالی لەزمانی ئومەت ی ئیسلام ئیمام ی علامە پێشەوا قاضی ابوبکر محمد بن الطیب بن محمد بن جعفر بن قاسم البصری پاشان بەغدادی ابن باقلان ی لە ٣٣٨ ی کۆچی لەبەصرە لەدایکبوە لە ٤٠٤ ی کۆچی لەبەغداد کۆچی دوای کردووە رحمە الله تعالی.

شێخ ی ئیسلام ابن تیمیە لە الفتوی الحمویة لەبارەیەوە فەرموویەت ی : القاضی أبو بکر محمد بن الطیب الباقلانی باشترین کەسە لەمنتسبەکان بۆئەشعەری نەپێش ئەو نەدوای ئەو کەسی هاوشێوەی ئەویان تێدانیە.

الحمد لله رب العالمين